بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

هەرێمی کوردستانی عێراق
سەرۆکایەتی هەرێم
سەرۆك

بەناوی گەلەوە
بڕیار
ژمارە ( ٢ ) ساڵی ٢٠٠٩
یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی نائاسایی ژمارە (١) لە ٢١ /٢٠٠٩/١ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

## یاسای ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٩
## یاسای هەموارکردنی دووەمی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق
## ژمارە (١) ی ساڵی ٢٠٠٥ هەموارکراو

**ماددەی یەکەم:**

بڕگەکانی (یەکەم و دووەم و پازدەم) لە ماددەی دەیەمی یاساکە هەمواردەکرێت و بڕگەیەك لە زنجیرە (نۆزدەم) زیاد دەکرێتە سەرماددەکە و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

یەکەم: ١- پێشنیارکردنی پرۆژەی یاساو بڕیارەکانی تایبەت بە سەرۆکایەتی هەرێم بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق.

٢- دەرچواندنی ئەو یاساو بڕیارانەی کە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان ـ عیراق دایان دەنێت، لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە بەرواری گەیشتنی بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم بۆی هەیە لەو ماوەیەدا ناڕەزایی لەسەر هەموو یان هەندێك لەو یاساو بڕیارانەی دەرببڕێت. و گەڕاندنەوەی بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی بۆ چاو پێخشاندنەوەیان و بڕیاری ئەنجومەنی نیشتمانی لەسەریان بنبڕ دەبێت. و ئەو یاساو بڕیارانەش بە دەرچوو دادەنرێت لەو حالەتەی کە سەرۆکی هەرێم لەماوەی ناوبراو دەری نەچوواند و ناڕەزایشی لەسەریان نەبووە ئەنجومەنی نیشتمانی رادەسپێری و لە ڕۆژنامەی فەرمی بڵاو دەکرێتەوە.

دووەم: دەرکردنی فەرمانێك بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق و دیاریکردنی کاتەکەی لەماوەی (پانزەرۆژدا) لە بەرواری هەڵوەشاندنەوەی یان بەلانی کەم لەماوەی شێست ڕۆژی پێش کۆتایی خوڵی هەڵبژاردنی بە مەرجێك ڕۆژی هەڵبژاردن لە شەست ڕۆژی دوای هەڵوەشانەوەی یان شەست ڕۆژی پێش کۆتایی خولی هەڵبژاردنی ڕەت نەکات.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM

**پازدەم: دامەزراندن و لابردنی خاوەن پلە تایبەتیەکان لەسەرپاڵاوتن پێشنیاری وەزیری پەیوەندیدار و ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران.**

**نۆزدەم: سەرۆکی هەرێم هەر دەسەلاٌتێکی تر کە لە دەستوورو یاسادا هاتبێت دەگرێتە دەست.**

**ماددەی دووەم:**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیار ناکرێت ئەگەر ناکۆك بێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا.**

**ماددەی سێیەم:**

**پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی چوارەم:**

**ئەم یاسایە لەبەرواری دەرچواندنیدا جێبەجێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمیدا (وەقائیعی کوردستان) بلاٌودەکرێتەوە.**

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

**هەولێر**
**١٣/ ڕێبەندان / ٢٧٠٨ ی کوردی**
**٦ / سەفەر ١٤٣٠ ی کۆچی**
**٢ / شوبات / ٢٠٠٩ی زایینی**

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقائعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد



WWW.MOJKURDISTAN.COM